ژمارەی گیانلەدەستدان لە کەرتی غەزە بەرزبووەتەوە بۆ ٣٥ هەزار کەس

وەزارەتی تەندروستی فەلەستین رایگەیاند، ژمارەی گیانلەدەستدان لە کەرتی غەزە بەرزبووەتەوە بۆ ٣٥ هەزار و ٢٧٢ کەس. دەشڵت، لە ماوەی ٢٤ کاتژمێری رابردوودا ٣٩ کەس گیانیان لەدەستداوە.

ئەمە پێنجشەممە، وەزارەتی تەندروستی فەلەستین رایگەیاند، بەپێی راپۆرتی ئاماری رۆژانە لەماوەی ٢٤ کاتژمێری رابردوودا، لە کەرتی غەزە ٣٩ کەس گیانیان لەدەستداوە و ٦٤ کەسیش بریندار بوون.
ئاماژەی بۆش کرد، لە ئەنجامی هێرشە بەردەوامەکانی ئیسرائیل بەسەر کەرتی غەزە لە ٧ـی تشرینی یەکەمی ساڵی رابردووەوە، ٣٥ هەزار و ٢٧٢ کەس گیانیان لەدەستداوە و ٧٩ هەزار و ٢٠٥ کەسیش بریندار بوون.

لای خۆیەوە، سوپای ئیسرائیل رایگەیاند، ڕۆژی رابردوو لە باکووری غەزە پێنج سەربازیان گیانیان لەدەستداوە و بەمەش لە سەرەتای شەڕەکەوە تاوەکو ئێستا ٦٢٦ سەربازی ئیسرائیل گیانیان لەدەستداوە و نزیکەی سێ هەزار و ٥٠٠ سەربازیش بریندار بوون.